# گەل رۆژی

ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (177) یەکشەممە 2007/5/6


## ئەمریکا و بەریتانیا دەبێ دان بە شکست بهێنن

**ژەنەڕاڵ سر مایکل** یەکێ لە فەرماندەکانی پێشووی سوپای بەریتانیا بە بی بی سی راگەیاندووە کە حکومەتی ئەمریکا و بەریتانیا لە عێراق شکستیان خواردووە، دەبێ دان بەو شکستە بهێنن و هەرچێ زووترە ئەو شەڕە نا ئومێدە کۆتا بکەن.

**سر مایکل** کتێبێکی نووسیووە، تێیدا بەراورد بە شەری ئەوانەی لە عێراق دژ ئەمریکا دەجەنگن بە شەڕی رزگاریخوی ئەمریکا دەکات کە سەربازانی جۆرج واشنگتۆن بەڕێوەیان دەبرد ، هەروەها لە پێوەندی جێگیربوونی هێزەکانی بەریتانیا لە باکووری ئەمریکا وتەیەکی **لۆرد چاتای** ئینگلیزی وەبیر هێناوەتەوە کە گوتویەتی: ئەگەر من ئەمریکایی بام تا یەک ئینگلیز لە خاکی ئەمریکا دەما، هەرگیز چەکم دانەدەنا، عێراقیەکانیش هەمان هەستیان هەیە !

ناوبراو نووسوویەتی: ئەم شەڕە دۆڕاوو بێ ئومێدە، سەربازەکانی بەریتانیا راشکاوانە پێم دەڵێن: ئیدی کاتی کشانەوەیە !

# حکومەتی مۆریتانیاش سامانەکانی ئاشکرا کرد، بەرپرسانی کوردستان هەر بێدەنگ دەمێننەوە

**نواکشۆت:** لە هەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراودا **سیدی ولەد شێخ عەبدوڵڵا** سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی مۆریتانیا و **ئەلزێن ولەد زێدان** و ئەندامانی کابینەی حکومەتی مۆریتانیا بڕیاریان دا کە تەواوی سەروەت و سامانی خۆیان بۆ پەرلەمان و رای گشتی ئاشکرا بکەن.

بڕیارەکەی سەرۆکی مۆریتانیا لە نێوەندەکانی رای گشتی مۆریتانیا و وڵاتاندا بە شێوەیەکی بەرفراوان پێشوازی لێکرا.

ئەمە یەکەمین جارە لە مێژوودا سەرۆکی مۆریتانیا لەنێو هەموو سەرۆکەکانی وڵاتانی ئەفریقا و ئاسیادا سامانی خۆی و کابینەی حکومەتەکەی ئاشکرا بکات، چاودێران ئەمە بە هەنگاوێکی ئەرێنی بۆ دیموکراتیزەکردنی وڵات لێکدەدەنەوە.

سەرۆکی مۆریتانیا دوای یەکەمین کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەندامانی کابینەی حکومەتەکەی بە رۆژنامەوانانی راگەیاند کە ئەوان لە رێگەی هەڵبژاردنەوە دەستەڵاتیان وەرگرتووە، لەسەر داخوازی گەلی مۆریتانیاش سەروەت و سامانی خۆیان ئاشکرا دەکەن.

ناوبراو رایگەیاند هەر بەرپرسێک ئەگەر لە رێگەی رەواوە سامانی بەدەست هێنابێ، ناترسێ و ئاشکرای دەکات .

ئەم هەنگاوەی دەستەڵاتدارانی مۆریتانیا کە بە وڵاتێکی هەژارو پاشکەوتوو ناسراوە، بەرپرسانی وڵاتانی دیکە رووبەڕووی پرسیاری گەورە دەکاتەوە و ناچاریان دەکات کە ئەوانیش سەروەت و سامانی خۆیان بۆ رای گشتی ئاشکرا بکەن.

ئەوەی شیاوی باسە بە درێژایی ١٦ ساڵی رابردوو وێرای ئەوەی خەڵکی کوردستان و رۆژنامەوانان داوایان لە سەرۆکی پارلەمان و حکومەت و کابینەکەی کردووە کە سامانی خۆیان ئاشکرا بکەن، کەچی هیچ یەک لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم ئامادە نەبوونە وەڵامی ئەو داخوازیەی خەڵک بدەنەوە.

ماوەیەک بوو خەڵکی کوردستان بەوە دڵیان خۆش کردبوو کە پڕۆژەی لێپێچینەوە لە سامانی بەرپرسان بۆ حکومەت رەوانە دەکرێ، بەڵام لە رۆژانی رابردوودا ئاشکرا بوو کە هیچ پڕۆژە نە گەیشتۆتە حکومەت، هیچ پڕۆژەیەکی بەو ناوەش لە ئارا دانیە .

## دوای شەرم ئەلشێخ موتەکی و رایس یەکتر تۆمەتبار دەکەن

**هەواڵەکان** : ئاکامی کۆنگرەی شەرم ئەلشێخ پێچەوانەی پێشبینیەکانی چاودێران هاتەوە، نەک موتەکی و رایس لەگەڵ یەکدیدا کۆنەبوونەوە، بەڵکو دوایی زۆر توندتر یەکتریان تۆمەتبار کرد.

منۆچەهری موتەکی وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی کۆنگرەکەدا وڵاتە یەکگرتووەکانی بەوە تۆمەتبار کرد کە تیرۆر لە عێراق پەرە پێدەدات و چاوگەی هەموو کێشەو گرفتەکانی عێراقە، ئەو خوازیاربوو کە ئەمریکا خشتەی کێشانەوەی هێزەکانی لە عێراق دیاری بکات .

موتەکی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند کە هیچ دیدارێک نەبووە، بەرنامەیەکیشمان بۆ دیدارو کۆبوونەوە لەگەڵ رایس نیە.

لەم بارەیەوە هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق دیداری نێوان شارەزایانی ئێرانی و ئەمریکای درکاند ، راین کرۆکەر باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق دیداری خۆی لەگەڵ جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران ئاشکرا کرد، بەڵام لە بایەخی دیدارەکەی کەم کردەوەو رایگەیاند کە سنووردارو کورت و تایبەت بە عێراق بووە.

لەلایەکی دیکەوە کۆندۆلیزا رایسی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هەوڵی دا لە شەرم ئەلشێخ دا درز لەنێوان ئێران و سوریا دروست بکات، لە دیدارێکی نیو کاتژمێریدا چاوی بە وەلید موعەلیمی وەزیری دەرەوەی سوریا کەوت و لێی خواست کە سنوورەکان بە رووی تیرۆریستان دابخات و پەیوەندی لەگەڵ ناحەزانی ئەمریکا کەم بکاتەوە.

سەرچاوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کۆندۆلیزا رایس و حکومەتی بووش دەیانەوێ وڵاتانی عەرەبی و سوننەکان دژ بە شیعەکان و کۆماری ئیسلامی ئێران هان بدەن و ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوانیاندا قوڵ بکەنەوە.

## سەربازانی ئەمریکا لە عێراق باوەڕیان بە ئەشکەنجەدان هەیە

لێکۆڵینەوەکان لەگەڵ سەربازانی ئەمریکا جێگر لە عێراق ئاشکرا دەکەن کە زۆربەی سەربازەکان باوەڕیان بەوە هەیە کە گیراوەکان ئازار و ئەشکەنجە بدرێن.

تیپێکی راوێژکاری تەندروستی ئەمریکا بەمەبەستی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی پرسیاری لە هەزارو حەفت سەد سەربازی ئەمریکا کردووە، کەمتر لە نیوەی ئەوانەی پرسیاریان لێکراوە، لەو باوەڕەدابوونە کە دەبێ رێز لە خەڵکی سقیلی عێراقی بگیرێ، سێ یەکی لەوان پێیانوابووە ئەگەر دەتوانێ گیانی هاوڕێکانیان رزگار بکات یان بەو هۆیەوە زانیاری دژی شەڕکەران وەدەست دێ، با ئازارو ئەشکەنجەدانی خەڵکی سقیل بەردەوام بێ.

رێژەی ١٠%ی ئەو سەربازانە دانیان بەوەداناوە کە پەلاماری خەڵکی سقیلیان داوە یا زیانیان پێگەیاندوون.

لێکۆڵینەوەکە ئاشکرای کردووە کاتێک سەربازەکان دووچاری ترس و نیگەرانی دەبنەوە و هاوڕێ بریندارەکانی خۆیان دەبینن، رەفتاری نامرۆڤانەو بەد رەوشتی سەر هەڵدەدا و دەست بۆ کردەوەی نا بەجێ دەبەن ، خەڵکی سقیل ئازارو ئەشکەنجە دەدەن.

لێکۆڵینەوەکە پێیوایە زۆربەی ئەوانەی لە شەش مانگ زیاتر لە عێراق ماون، دووچاری نەخۆشی رەوانی هاتوون.

## توندڕۆکان دەیانەوێ ٥٠٠ ئێزدی بکوژن

گروپێکی توندڕۆی عەرەبی سوننە لە راگەیاندراوێکی خۆیاندا هەڕەشەی کوشتنی ٥٠٠ کەسی ئێزدی دەکەن.

ئەو گروپە بە بیانۆی تۆڵەکردنەوە لە بکوژانی دوعا، ئەو کچە ئێزدیەی کە رۆژی ٧ی مانگی رابردوو بە درنداترین شێوە کوژرابوو، هەڕەشەی کوشتنی ٥٠٠ ئێزیدی دەکەن.

وەکو زانراوە لە ٢٢ی مانگی رابردوودا ئەو گروپە ٢٥ کوردی ئێزدیان رفاندبوو کە لە کرێکاری دەگەڕانەوە، دوایی ئەوانیان کوشتبوو، هەمان گروپ لە کۆتایی مانگی رابردوو لە گوندی تەل رومانی پارێزگای موسڵ هێرشیان کردبووە سەر خێزانێکی ئێزدی کە لە ٧ کەس پێکهاتبوون، هەموویان سەربڕی بوون، تەنانەت خێزانێکی دیکەش کە لە ١٢ کەس پێکهاتبوون سەریان بڕدرابوو، بەڵام دوایی ئاشکرابوو ئەو ١٢ کەسە ئێزدی نەبوونە.

ئەو گروپە لە راگەیاندراوێک دا داوای رادەستی هەشت کەس لە بکوژانی دوعا دەکات، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەو گروپە لەو پەنایەوە دەیەوێ شەڕی نێوان موسڵمان و ئێزدی هەڵبگیرسێنێ.

بۆ رێگەگرتن لە پیلان و سیناریۆکانی ئەو گروپە هەریەکە لە پیاوانی ئایینی موسڵمان و ئێزدی رامانی خۆیان دیارکردووەو دوورەپەرێزی لە شەڕ دەکەن و ئەو گروپەشیان تۆمەتبار کردوە کە دەیەوێ خوێنی خەڵک بە خۆرایی بڕژێ.

پێشتر سەرچاوەکانی هەواڵ وایان بڵاو کردبۆوە کە ساڵح موتلەگ سەرۆکی بەرەی تەوافق پێشوازی لە شەڕی تایفی کردووەو ئامادەیی خۆی بۆ پشتیوانیکردن لە ئێزدیەکان راگەیاندووە .

## دوایین بڕیار لە دۆزی فرانس ڤان ئانرات دەدرێ



بڕیاروایە رۆژی چوارشەممە، ٩-٥-٢٠٠٧ دادگەی لاهای وڵاتی هۆڵەندا دوایین بڕیاری خۆی سەبارەت بە تۆمەتبار فرانس ڤان ئانرات بازرگانی چەکی کیمیاوی بدات.

شیاوی باسە فرانس ڤان ئانرات بەتۆمەتی بازرگانیکردن بە مادەی کیمیاوی و فرۆشتنی بە سەرانی عێراق تاوانبارەوە ، بەو هۆیەشەوە دادگەیی کرابوو، سزای ١٥ ساڵ زیندانیکردنی بەسەردا درابوو.

بەبۆنەی دەرچوونی دوایین بڕیاری دادگە بڕیار وایە لەسەر داخوازی ناوەندی **چاک** کوردستانیانی دانیشتووی هۆڵەندا لەبەردەم دادگەی لاهای کۆببنەوەو رێپێوان بکەن و گوێ لە دواین بڕیاری دادگە بگرن .

## دانمارک، داخوازی تورکیا رەت دەکاتەوە

سکرتاریەتی مێدیای وڵاتی دانمارک داخوازی تورکیای بۆ داخستنی کەناڵی ئاسمانی رۆژ تی ڤی رەت کردەوە.

مێدیای دانمارک کە مۆڵەتی بە وەشانی رۆژ تی ڤی داوە، لە راپۆرتێکی خۆیدا بانگەشە درۆینەکانی بە ناڕاست داناوەو ئاشکرای کردووە کە چەندین جار دەوڵەتی تورکیا بە فەرمی سکاڵای کردووەو داوای داخستنی رۆژ تی ڤی کردووە کە گوایە کەناڵی ئاسمانی رۆژ تیڤی پشتیوانی لە تیرۆر دەکات و هانی توندوتیژی دەدات، دەبێ دابخرێ، بەڵام سکرتارتەیت مێدیای دانمارک پشتی بە راستیەکان بەستووەو ئامادە نەبووە کە ئەو کەناڵە کوردییە دابخات.

لە وەڵامی داخوازیەکانی تورکیادا سکرتاریەتی مێدیای دانمارک داوای لە تورکیا کردووە بە بێ بەڵگە بانگەشەی لەو بابەتە نەکات و لایەنەکان بە کێشەیەکی ناڕاستەوە ماندوو نەکات.





لەم ژمارەیەدا

ل٣ دوعا بەردباران دەکرێ، حکومەتیش دوای سێ هەفتە بە ئاگا

ل٥ هەڵبژاردنی فەرەنسا سەرکەوتنی چەپ یان راسترەو؟

ل٧ کێشەی کورد و دوارۆژی عێراق


## رۆژەڤ

ئێستا دیاریکردنی خشتەیەک بۆ کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق یان داننان بە شکست لە شەڕی عێراق سەر تۆپی شرۆڤەو لێکدانەوەی دەزگاکانی راگەیاندنی جیهانییە، لەنێو خۆی ئەمریکاشدا گفتوگۆی تێرو تەسەلی لەسەر دەکرێ، دیموکراتیخوازەکان بۆ بردنە پێشەوەی رامیاری خۆیان گەورەی دەکەنەوە و بەرچاوی دەخەن، جۆرج بووشی سەرکۆماریش پێداگری لەسەر دەکات و داهاتووی پێوە گرێ دەدات.

ئاشکرایە کە هێزەکانی ئەمریکا تاسەر ناتوانن پاسەوانی لە ناوچەی سەوز بکەن و هەوڵی گێڕانەوەی ئاسایش و هێمانیەتی شاری بەغداد بدەن و پارێزگاری لە بەرپرسەکانی عێراقی بکەن، بەڵکو بەرچاو ئەوەیە درەنگ یا زوو هێزەکانی ئەمریکا یان لە نێو چەند سەربازگەیەکی عێراقدا جێگیر دەکرێن و لە کاتی ئاوارتەدا هاوکاری حکومەتی بەغداد دەکەن و بەرژەوەندەکانی خۆیان دەپارێزن یان پاشەکشە دەکەن و لە دوورەوە چاودێری رەوشی عێراق و هەرێمەکە دەکەن.

گرەوکردن لەسەر هێزێکی دەرەکی بەرژەوەندخواز خوێندنەوەیەکی راستین و لێکدانەوەیەکی هۆشیارانەی دەوێ، ئێستا یەکێتی خاکی عێراق و بەردەوامبوونی حکومەتی بەغداد بە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکاوە گرێدراوە، ئەمەش ئەگەرێکی لاوازی هەیە و بەختی مانەوەی یەکجار کەمە.

گۆڕانکاریەکان و رەوشی هەنووکەیی عێراق دەخوازێ کە کوردستانیان خۆیان بۆ دوای کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق ئامادە بکەن. خۆ ئامادەکردنیش لە ئافراندنی گوتارێکی هاوبەشی حزبەکان و خەڵکدا بەرجەستە دەبێ. بەوەش سەرکەوتوو دەبێ کە ئیتر کوردستانیان پشت بە هێز و تواناو ئیرادەی خۆیان ببەستن و تەواوی تۆپەکانی خۆیان لە توورەگەی هیچ هێزێکی نێو دەوڵەتی نەکەن.

سەرکردایەتی کوردستان بە چالاکی دیبلۆماسی لەگەڵ دیتران دەتوانێ تەمی دەوروبەر بڕەوێنێتەوەو لەسەر ئەگەرەکانی داهاتوو دانوستاندنیان لەگەڵدا بکات .

لەمێژە کورد گوتوویەتی " دەستی کەس پشتی کەس ناوخورێنێ" ئێستا لەژێر رۆشنایی ئەو پەندەدا لۆژیک و لێکدانەوەکان دەخوازن کە کوردستانیان خۆیان بۆ قۆناغی داهاتوو ئامادە بکەن. قۆناغی داهاتووش لەنێو دەیان ئەگەر و هاوکێشەی جۆراوجۆردا سەر دەردێنێ وجێگە دەگرێ. بۆ ئەوەی کوردستانیانیش سەربەرزانە لە داهاتوو سوودمەندو بەهرەمەند بن، دەبێ پشت بە هێزە تواناو ئیرادەی خۆراگری ببەسترێ، دیواری نێوان حکومەت و خەڵک نزم بکرێتەوە، بەرژەوەندەکانی باڵای گەل و نیشتمان لە ئامانجی سەروو دابنرێن .

مێژوو گەواهی لەسەر ئەو ناپاکیانە دەدات کە هێزەکانی دەرەکی لە رابردوودا دژ بە کوردستانیان ئەنجامیان داوە، بۆئەوەی رێگە بە دووپات بوونەوەی مێژووی پڕ کوێرەوەری نەدەین، دەبێ لێبڕاوانە پشت بە هێزی لەبن نەهاتووی خۆمان ببەستین و بەرەو ئامانجی پێکهێنانی نیشتمانێکی سەربەخۆ و کۆمەڵگەیەکی بەختەوەرو یەکسان شێلگیرانە تێبکۆشین .